٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن: ڕۆما 10: 17 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون.
٥- فێرکردن : نمونەی "دەوڵەمەندی گێل " لە لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ هاتووە ، وە نمونەی " دەوڵەمەندی لوتبەرز و لەعازەری سوالکەر " لە لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ هاتووە ئامادە بکە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانە.
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٣٥)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ٩، ١٠ ، ١١ ، ٤٠)

گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما 10: 17

(دوو باوەڕدار پێکەوە) پێداچونەوە بکەن . ڕۆما 10: 17.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) نمونەی دەوڵەمەندی گێل و لەعازەری سواڵکەر

"نمونەی دەوڵەمەندی گێل" لە لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ ،

وە "نمونەی دەڵەمەندی لوتبەرز و لەعازەری سواڵکەر " لە لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ تایبەتن بە **موڵکداری سەرزەوی لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە ڕێبەری ڕینماییەکانی شەشەم و لێکۆڵینەوەی نمونەکان دا دەخوێنین (بڕوانە ڕێبەری ڕینماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی دەڵەمەندی گێل

لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

مرۆڤی گێل .

دەوڵەمدنێک داهاتێکی زۆری بەدەستهێنا . کتێبی پیرۆز سەرزەنشتی ئەو کەسە ناکات کە دەوڵەمەندە یان سەرکەوتوە . چونکە ئەیوب و ئیبراهیم و سلێمان و یوسفی ڕامی دەوڵەمەند بوون ، هەروەها دەقەکە ئاماژە ناکات بۆ ئەو پیاوە کە دەوڵەمەند بوە بە شێوەیەکی ناشیاو و نایاسایی بەڵکو کاتێ دەیخوێنینەوە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕادەکێشی کە خودا کارەکانی دەستی پیرۆز کردوە .

ماددی .

کێشەی ئەو پیاوە ئەوە نەبوو کە دەوڵەمەند بوو بەڵکو کەسێکی ماددی بوو ! نەیدەزانی جەستەی لەناوچوە و ساڵانێکی زۆر ناژی .

خۆویستی .

ئەو دەوڵەمەندە جگە لە خۆی بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە .

بێباوەڕ .

ئەو پیاوە سوپاسی خودای نەدەکردو شکۆداری نەدەکرد لەسەر ئەو سامان و سەرکەوتنەی ، ئیشایا ٤٠: ٦- ٨ .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ٤- ٧ ، ١٣- ١٥ .

دڵەڕاوکێ سەبارەت بە مردنی جەستەیی .

عیسا هەموانی ئاگادارکردەوە کە دڵەڕاوکێ و شڵەژاو نەبن لەبارەی مردنی جەستەییانەوە ، کاتێ ووتی مەترسن لەوانەی جەستە دەکوژن چونکە ناتوانن لەوە زیاتر بکەن . بەڵام پیشانتان دەدەم لە چی بترسن لەوە بترسن کە دوای کوشتن فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە .

دڵەڕاوکێ سەبارەت بە پارە .

پیاوەکە لەبەردەم هەمواندا داوای کرد لە عیسا دەستێوەردان بکات سەبارەت بە میرات . بنەماکانی تایبەت بە دابەشکردنی میرات لە پەیمانی

کۆندا لە وتەکان ٢١: ١٥- ١٧ ؛ ژمارە ٢٧: ٨- ١١ ؛ ژمارە ٣٦ دا نوسراون . ڕەنگە لەم دۆخەی بەردەمماندا برا گەورەکە نەیویستبێت سێ بەشی میراتەکەی بداتە برا بچوکەکەی . بەڵام لە هەموو بارودۆخەکاندا پێدەچێت ئەم دۆزە ستەمێکی لەخۆ گرتبێت . بەڵام مامۆستایانی شەریعەت هەندێ جار لە دۆزی وەهادا بەشداریان دەکرد ، بۆیە داوای لە عیسا کرد حوکم بدات لەسەر ئەم بابەتە .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٢: ١٦- ٢٠ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی لۆقا ١٢: ٢٠- ٢١ وە بەشێکی چیرۆکەکە و بەشێکی هۆشداریە کۆتاییەکەی عیسا.

عیسا ووتی تەنها گێلەکە بیر دەکاتەوە لەوەی دەسەڵاتدار بێت بەسەر ژیان و بارودۆخەکەیدا . بەڵام ژیانی وا خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت یاخود مردنی نزیک بۆتەوە . ژیان شتێکە تەنانەت دەوڵەمەندەکانیش ناتوانن دەستی بەسەردا بگرن و قۆرخی بکەن .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا تەنها واتای دیاریکراوی پیاوە دەوڵەمەندەکە دەدات ، کە وێنەیەکە بۆ هەموو مرۆڤێك کە پارەو موڵك هەڵدەگرێت و کۆی دەکاتەوە . بەڵام لەبەرچاوی خودا دەوڵەمەند نیە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دەوڵەمەندی گێل لە لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ فێرمان دەکات لەبارەی موڵکداریی سەرزەوی لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : پێویستە مرۆڤ تەنها بۆخۆی نەژی بەڵکو خودا لەبەرچاو بگرێ لەهەموو لایەنەکانی ژیانیدا ، دەبێت هەمیشە هۆشیار بن لەسەر ئەو ڕاستیەی کە پشت ببەستن بە خودا لە ژیانیاندا بەتایبەتی ، لەڕووی موڵکداریی ژیانی سەرزەوی .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

أ . کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە سامان و دەوڵەمەندی ماددی ؟

هیچ دەقێکی کتێبی پیرۆز نیە دەوڵەمەندی سەرزەنشت بکات .

چونکە ئیبراهیم دەوڵەمەند بوو ، وە مااڵت و زیو ئاڵتونی زۆری هەبوو ، پەیدابوون ١٣: ٢ .

وە سلێمان نەك تەنها دانایی بەڵکو دەوڵەمەندی و ڕێزی هەروەها پێ بەخشرابوو ، ١ پاشایان ٣: ١٠- ١٣ .

وە ئەیوب موڵکی زۆری هەبوو تەنانەت بەوە ناسرابوو کە مەزنترین نەوەی ڕۆژهەاڵتە ، ئەیوب ١: ٣ ؛ ٤٢: ١٢ .

وە یوسفی ڕامی کە قوتابی عیسا بوو ، دەوڵەمەند بوو ، مەتا ٢٧: ٥٧ .

خودا فەرمان دەکات بە دەوڵەمەند لەم سەردەمەدا و جیهانەدا کە لوتبەرز نەبن و پشت بە هیوای خۆیان نەبەستن لە سامانەکانیاندا کە لە ڕاستیدا لەناودەچیت و نامێنێت ، بەڵکو هیوای خۆیان لەسەر خودا دابنێن چونکە ئەو بە دەوڵەمەندی خۆی هەموو شتێك دەبەخشێت . وە خودا فەرمان دەکات بە دەوڵەمەند کە چاکە بکەن و کاری چاکە ئەنجام بدەن و ئامادەبن بەشداری بکەن بە دەست و دڵفراوانیەوە . چونکە بەمە گەنجینەیەك

بۆخۆیان کۆدەکەنەوە لە ئاسمان وزەوی نوێدا . ١تیمۆساوس ٦: ١٧- ١٩ ؛ بروانە مەتا ٦: ١٩- ٢١ .

ب. مەترسیەکانی سامان ودەوڵەمەندی ماددی کامانەن ؟

ڕەنگە سامان مرۆڤ لوتبەرزبکات و خودای لەبیر نەمێنێت ، وتەکان ٨: ١١- ١٤ .

ڕەنگە سامان مرۆڤ وا لێبکات متمانە بەو شتانە بکات کە هەیەتی وە ژیانی خۆی تەرخان بکات لە پێناویدا تەنها بۆ زۆرکردنی موڵکە ماددیەکانی ، کۆمکار ٥: ١٠- ١١.

ڕەنگە سامان ڕێگر بێت لە چونە ناوەی مرۆڤ بۆ شانشینی خودا ، مەرقۆس ١٠: ٢١- ٢٦ .

وە ڕەنگە سامان هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لوتبەرز بێت و هەڕەشە بکات و بێزارکەر بێت و خۆویست و چاوچنۆك یان ستەمکار بێت . زەبور ٧٣: ٢- ١٢ .

ج. چۆن لەیەك دەچن و گرێدەدرێن بەیەکەوە هەر یەك لەم بەشانەی نمونەکە فێرکردنی لەبارەوە دەکات ؟

زەبور ٣٧: ٤- ٦ .

پەندەکان ١٦: ٢- ٣ .

مەتا ٦: ٣٣.

١کۆرنسۆس ١٠: ٣١.

کۆلۆسی ٣: ٢٤- ٢٥ .

د. چۆن گرێدەدرێن بەیەکەوە ئەوەی خوداوەند لە مەتا ٦: ١٩- ٢٤ فێرکردن دەکات لەبارەیەوە لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرکردن لەبارەیەوە دەکات ؟

یەشوع ٩: ٥ .

زەبور ١٠٢: ٢٦ .

پەندەکان ٢٤: ٣٠ .

پەندەکان ٢٤: ٣١ .

کۆمکار ١٠: ١٨ .

١پەترۆس ١: ٧، ١٨ .

زەبور ٣٢: ٣؛ ٣٩: ٤- ٧ ؛ ٩٠: ١٠ ؛ ١٠٣: ١٤- ١٦ .

زەبور ١٣٨: ٨ .

یۆحەنا ٤: ١٤ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٧- ٣٩ .

یۆحەنا ١٠: ٢٨ .

ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٠ ، ٣٧- ٣٩ ؛ ڕۆما ١١: ٢٩ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١٩ ؛ عیبرانیەکان ٢: ١٢- ٢٨ ؛ دانیال ٢: ٤٤؛ ١پەترۆس ١: ٤- ٥ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .
سەربەخۆبوون لە خودا .

لەم ڕۆژگارەدا خەڵکی سامان کۆدەکەنەوە و داهاتی کارەکانیان کۆدەکەنەوە بۆ کاتی پیریی و خانەنشینی ، هەموو شتێکیان زامن دەکەن لەوەی هەیانە ، بەڵام لەسەر ئاستی مرۆڤانە ناکرێ دڵنیابن لەوەی زامنیان کردوە تەنانەت ژیانیش . زەبور ١٤: ١- ٣.

چاوچنۆکی .

چاوچنۆکی مرۆڤ دەبات بۆ سەربەخۆبوون لە خودا . ١کۆرنسۆس ٤: ٧ ؛ فیلیپی ٤: ١١- ١٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٣٢ ؛ مەتا ٦: ٣١- ٣٤ ؛ مەتا ١٦: ٢٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٧ .

پەرستنی پارە .

پارە شێوازێکی خۆی هەیە تا بەهێز تربێت لە خاوەنەکەی ، بۆیە بۆیە زۆرجار دەبینین ئەو دەبێتە مواڵکداری خاوەنەکەی لە کۆتاییدا . دەشی پارە ئازادی ئەخلاقی و ڕۆحی مرۆڤ لەناوبەرێت لەکۆتاییدا . وە ئیدی مرۆڤ ببێتە کۆیلەی مواڵکەکانی و سامانە ماددیەکانی .

ب. نمونەی دەواڵەمەندی لوتبەرزو لەعازەری سواڵکەر

لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

شێوازی ژیانی پیاوە دەواڵەمەندەکەو هەژارەکە پێش مردنیان تا ئەمڕۆش دەیبینین . بەڵام ژیانی دوای مردنیان تەنها پێناسەیەکە لە عیسا بۆ ژیانی دوایی .

پیاوە دەوڵەمەندەکەو پیاو هەژارەکە پێش مردنیان .

پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر دەوڵەمەند بوو دەیتوانی ئەرخەوان وجل وبەرگی کەتانی نەرم وناسك بپۆشێ کە ئەرخەوان ڕەنگەکەی لە سەدەفی دەریا دروست دەکرا و نرخی تێچوونی زۆر بوو ، زۆربەی پاشاو شازادەکان ئەرخەوانیان دەپۆشی .

ئەو پیاو دەوڵەمەندە لوتبەرز بوو ، حەزی بە خۆدەرخستن بوو ، بەڵام نەك تەنها لوتبەرزی و خۆدەرخستن بەڵکو هەروەها خۆویست و بێ هەست بوو بەرامبەر بە کەسانی تر .

پیاوە دەڵەمەندەکەو هەژارەکە دوای مردنیان .

عیبرانیەکان ١: ١٤ . لۆقا ١٤: ٧ ؛ یۆحەنا ١: ١٨ .

ئەمەش چارەنوسی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە ناگۆڕێن .

تاکە پەیامی هۆشداریی بۆ مرۆڤ .

یۆحەنا ١٢: ١٠ ؛ یۆحەنا ١١: ٤٧- ٥٠ ؛ کردار ٤: ٢؛ ١٧: ١٨ .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە بەشەکانی لۆقا ١٥و ١٦ لو ئینجیلی لۆقا .

عیسا لە لۆقا ١٥ سێ نمونەی باس کرد ، مەڕی ونبوو ، درهەمی ونبوو . کوڕی ونبوو ، کە تیایدا عیسا فێرکردنی دەربارەی هەڵوێستی خودا لە ونبوەکانی ئەم جیهانە خستە ڕوو .

وە لە لۆقا ١٦ دا عیسا دوو نمونەی باس کرد ، نمونەی سەرکاری ناپاك و نمونەی دەوڵەمەندی لوتبەرز لۆقا ١٦: ٩ ، ١٥ ؛ لۆقا ١٠: ٣٠- ٣٧ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە نەدراوە لە دەقەکەدا .

دەکرێ ئەنجامی جێبەجێکردنی نمونەکە لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدا بێت.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

أ. ڕاڤەی هەڵە .

یەکێك لە نمونەکانی ڕاڤەی هەڵە بۆ ئەم نمونەیە ئەوەیە کاتێ لەلای گریگۆریۆس ی مەزن دەیخوێنینەوە (٥٤٠ – ٦٠٤ ز) دەبینین ئەم

نمونەیە وەك چیرۆكێكی میتافۆریە چونكە ناتوانی بگەیتە ئەو ڕاڤەیەی كە پشت بە چوارچێوەكە دەبەستێت ئەمەش دەبێت ڕەتبكرێتەوە.

ب. ئەو وردەكاریانەی بنەڕەتی نین و مەبەستدار نین .

عیسا واتایەكی دیاریكراو بە ودرەكاریەوە نادات بۆیە بنەمای سەرەكی نین یان گرنگ نین بۆ تێگەیشتن لە نمونەكە !

ج. ئەو وردەكاریانەی بنەڕەتی نین و مەبەستدار نین .

بڕوانە وتەكان ١٨: ٩- ١٣ ؛ ئەیوب ١٤: ٢١ ؛ كۆمكار ٩: ٥- ٦ ؛ ئیشایا ٦٣: ١٦ ؛ ئیشایا ٨: ١٩- ٢٠ .

كە مرۆڤ دەوڵەمەند بێت و بە خۆشگوزەرانی بژی .

ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەكەدا . چونكە دەوڵەمەندی خۆی لە خۆیدا گوناهە نیە ، بەڵام خۆویستی و بەكارنەهێنانی سامان لەپێناوی چاكەی كەسانی تر گوناهەیە . ئەو دەوڵەمەندە حوكم نەدرا بە سەریدا لەبەرئەوەی كاری خراپەی ئەنجام داوە بەڵكو لەبەرئەوەی كەمتەرخەم بوو لە چاكەكردن لەگەڵ دراوسێكەی !

لەعازەر هەڵگیرا بۆ باوەشی ئیبراهیم .

ئەم خاڵەش گرنگە چونكە وێنەیەكە بۆ باوكی هەموو باوەڕداران ڕۆما ٤: ١١ ؛ عیبرانیەكان ١٢: ٢٣ .

بوون لە جیهانی مردووان، كاتێ دەوڵەمەندەكە لە ئەشكەنجەو ئازاردا بوو.

هەروەها ئەم خاڵەش گرنگە . گونجانی ئەم خاڵە لەگەڵ فێركردنەكانی تر لە بەو بەشانەی تری كتێبی پیرۆز فێركردن لەبارەیەوە دەكات ، دەبینین جیهانی مردووان بە ڕاستی بوونی هەیە و وێنەیەكە بۆ چارەنوسی تاهەتایی بۆ بێباوەڕان و خراپەكاران .

بۆشایی گەورە كە ناتوانرێ لێوەی تێپەڕبن .

ئەم خاڵەش گرنگە . گونجانی ئەم خاڵە لەگەڵ فێرکردنەکانی تر لە بەو بەشانەی تری کتێبی پیرۆز فێرکردن لەبارەیەوە دەکات چارەنوسی تاھەتایی ھەر مرۆڤێك یان ئاسمانە یان جیھانی مردووان . ئیدی گرنگە مرۆڤ متمانەی خۆی لەسەر کێ دادەنێ و چۆن دەژی لەسەر زەوی وە ناکرێ جەوھەری ئەم چارەنوس بگۆڕێ دوای مردن ، مرۆڤ ھیچ دەرفەت وھەلێکی نابێت تاکو جارێکی تر بتوانێ عیسای مەسیح ھەڵبژێرێ !

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دەوڵەمەندە لوتبەرزەکەی کە حەزی لە خۆدەرخستن ھەبوو ، وە لەعازەری ھەژار لە لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ فێرمان دەکات لەبارەی ماددە لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : ئایندەو چارەنوسی ئەو شێوازەی کە مرۆڤ پێی دەژی لە پێش

مردنی لەم جیهانەی ئێستادا ناکرێ دوای مردن بگۆڕدرێت ئیدی چارەنوسی تاهەتایی مرۆڤ ئەگەرچی لە ئاسمان بێت یان جهانی مردووان ئەوەی دیاری دەکات متمانەیە و کۆیلایەتیە و خزمەتە بە کێی دەکات لەم جیهانەدا پێش مردن ، خودا حوکم دەدات بەسەر هەر هەموو مرۆڤەکاندا بە پێی ئەو شیوازەی مامەڵەیان کردوە لەگەڵ هەژاراندا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

زەبور ١١٩: ١٠٥ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ٦، ١١ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٣٢- ٥: ٢ .

کتێبی پیرۆز لە هەردوو پەیمانی کۆن ونوێ ئەو شێوازە دەردەخات کە خەڵکی دەیانەوێ پێی بژین ، وە کتێبی پیرۆز پڕە لە فێرکردن ونمونە لەسەر چۆنیەتی ژیانی عیسای مەسیح و باوەڕداران . دەوڵەمەندە لوتبەرزەکە ئەم فێرکردنانەی کتێبی پیرۆزی فەرامۆشکرد کە نمونەکە پێشکەشی دەکات !

بیردۆزەکان سەبارەت بە ژیانی دوای مردن .

بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٥ پاشکۆی ٢ .

ج. کورتەی فێرکردنەکانی یان وانەکانی سەرەکی کە ئەم نمونانە پێشکەشی دەکەن سەبارەی بە موڵک و داهاتە ماددیەکان لە شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرەکی و فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات تایبەت بە شایەتیدان لە شانشینی خودا ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی خودا و سروشتەکەی و خواستەکەی بناسن .

مەتا ٦: ٢٤ ؛ ٢٥: ٣٤- ٤٦ .

دەبێت باوەڕداران بزانن چۆن بن و چۆن بژین .

لەم دوو نمونەدا وانەیەکی مەزنی تێدایە ئەویش ئەوەیە خودا دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ، ئەوەی خودا دەیەوێ لە خەڵکی ئەوەیە کە نەژین تەنها لە پێناوی خۆیاندا بەڵکو بژین بە هۆشیاری تەواوەتی و پشت ببەستن بە خودا ، بەتایبەتی لە لایەنی ژیان ومولْکی سەر زەوی ، ئەو دەیەوێ خەڵکی هەستیار بن لەبەرامبەر پێویستیە ماددیەکانی خەڵکی تر ، وە بەزەییان بێتەو بە هەژاران وبەدبەختەکان لە جیهاندا .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " دەوڵەمەندی گێل وە " نمونەی دەوڵەمەندی لوتبەرز و لەعازەری هەژار یان سوالکەر" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئیشایا ٤١، ٤٢ ، ٤٥ ، ٤٦ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 10 : 1- 21. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .